# چۆن بەبێ پلانی خەڵکتان دامەزراند
# بەبێ پلانیش فەسڵیان مەکەن

**سەنگەر زراری**
Sangarz81@yahoo.com

پێم وایە لەسەرەتادا گرنگە کە بپرسین چۆن ڕێژەی مووچەخۆران گەیشتە 70٪ ئەو ڕادەیەی کە ئێستا حکومەتی نیگەران کردووە و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە؟!

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەغداوە نازانم بەهۆی چ موژدەیەکەوە بوو، لە چ خەزێنەیەکەوە بەڵێن بە حکومەتە کوردییەکان (ئەو کات دوو حکومەت بوو) درابوو کە بە ئارەزووی خۆیانەوە خەڵک دامەزرێنن و فەردەی پارەیان بۆ ئاوەڵە دەکرێ تاکو بیبەشنەوە، هەردوو حکومەتە کوردییەکە کەوتنە ناونووسکردنی خەڵک بە مەبەستی دامەزراندن و بەخشینەوەی مووچە، بێگومان ئەمەش بەبێ هیچ بەرنامەو پلانێک بوو، چونکە نەک ئەوانەی شارەزای بواری ئابوورین و پسپۆرن، بەڵکو کەسێکی نەخوێندەواری گوندیش (ببورن ئەم دەربڕینە "نەخوێندەواری گوند" خوانەخواستە بە مەبەستی تانەوتەشەر نییە لەم جۆرە خەڵک بەڕێزە، بەڵکو تەنها بە مەبەستی بەراوردکردنە لەگەڵ پسپۆر و شارەزایان و خوێندەواران)، بەڵێ ئەوانیش دەیانزانی کە ناونووسکردنی خەڵک بەمجۆرە گەڕەلاوژییە، کارێکی زۆر خراپە و بەلایەنی کەم دەیانگوت "ئەم دامەزراندنە خەڵک تەمبەڵ دەکات و فێری ئەوەیان دەکات کە تەنها پارە وەربگرن بەبێ ماندووبوون"، دامەزراندنی خەڵک بە بێ بەرنامەیی کۆمەڵێ خەڵکی تەمبەڵی دروستکرد کە تەنها لەماڵەوە مووچە وەربگرن یان لە پاڵ ئەو مووچە/مووچانەی بەهۆی دەوامکردن وەریان دەگرت، مووچەیەکی بە بێ دەوامیش وەربگرن، هەروەها خەڵکێکی زۆری گوندەکانی وا لێکرد کە واز لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بێنن و ببن بە مووچەخۆر (بێگومان ئەم کردەوەیەی گوندییەکان هۆکارێکی دیکەشی لە پشتەوەیە، ئەویش گرنگی نەدانی حکومەتە بە جوتیارەکان و کەرتی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە کوردستان). لەمانە سەیرتر ئەوەبوو کە دامەزراندنی خەڵک ببووە ئامرازێک بۆ ئەوەی پیاوەتی پێوە بکرێت، ئەگەر بەرپرسێک خۆی بە قەرزاری دۆستێکی یان برادەرێکی یان خزمێکی بزانیبا لەبەرامبەر ئەوە خۆی یان کەسێکی نزیکی ئەوی دادەمەزراند بۆئەوەی بێ دەوامکردن یان وەکو دەیانگوت "سووکە دەوامێک بکات و مووچەیەک وەربگرێ".

جگە لەمە وادەزانم هەریەکە لە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە لای خۆیانەوە لەبەر مونافەسەی ئەویتر زیاتر خەڵکیان دادەمەزراند، تا گەیشت بەو ڕۆژەی کە ئیستا کۆنترۆڵ ناکرێ.

حکومەت بڕیاری ئەوەی داوە کە ڕێژەی مووچەخۆران کەم بکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە سەدەها گەنجی دەرچووی زانکۆ لە شەقامەکانی شار بە بێکاری دەسووڕێنەوە و چاوەڕێی ئەوەن واستەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە شوێنێک دابمەزرێن (بۆیە دەڵێم واستە چونکە دەزانن کە ئەگەر ڕێژەی مووچەخۆران ئەوەندەش کەم با کە حکومەت پێویستی بە دامەزراندنیان هەبووایە، هەر دەبوو واستەیان کربا، چونکە لە خوا بەزیاد بێ خزمخزمێنە بایی ئەوەندە هەیە کە هەموو بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە).

لەلایەکی دیکەوە بەردەوام قوتابخانە لە گوندەکان دەکرێنەوە و پێویستیان بە مامۆستا هەیە، تەنانەت لەناو شاریش زۆر قوتابخانە کێشەی نەبوونی مامۆستا و کەمی مامۆستایان هەیە، نەخۆشخانەی زۆر کراونەتەوە و پێویستیان بەدامەزراندنی کارمەندی نوێی تەندروستی هەیە، ئەم هەموو وەزارەتە نوێیە دروستکراوە، زۆربەیان تا ئێستاش پێویستیان بە فەرمانبەرە، ڕەنگە زۆر شوێنی تریش هەبن پێویستیان بە فەرمانبەر هەبێ.

لەبەرامبەر ئەمانەدا لە گوندەکان زۆر قوتابخانە هەن ڕێژەی پاککەرەوەکانیان لە ڕێژەی قوتابییەکان زیاترە، لەگوندەکان و لە شاریش ڕێژەی پاسەوانی بیرەکانی ئاو و بانگدەرەکانی مزگەوت و خزمەتگوزارەکان ئەوەندە زۆرن کە تا سەرەی ڕۆژی دەوامکردنەکەیان دێتەوە، بیریان دەچێت ئەو مووچەیەی وەریدەگرن هی ئەوێیە. ئەمە جگە لەوانەی کە هەردەوام ناکەن و ناوی ئەو شوێنە نازانن کە سەر بەوێن. واتا ڕێژەیەکی گەلێ زۆری مووچەخۆر هەن کە دەوام ناکەن.

لەهەمانکاتدا کەسی وا هەیە کە دوو مووچە یان زیاتر وەردەگرێت، بەڵام بە قەدەر دوو مووچەکە زیاتر ماندووە و زیاد لەوە دەوام

دەکات، ئەمەش لەبەر خۆشی و تەنها لەبەر پارە پەیدا کردن نییە، ئەگەر بەشێکیشی لەبەر رەزیلی و پارە پەیداکردن بێت، ئەوا بەشەکەی تر لەبەرئەوەیە کە تەنها مووچەیەك بەشی ناکات. من کەسی وا دەناسم کە مووچەی دەوامێکی تەنها بۆ کرێی خانووە، دەوامێکیشی بۆ خواردنی خۆی و ماڵ و منداڵی (ئەم جۆرە کەسە رێژەیان کەم نییە)، هیچ خانووێکی ناو شار نییە کە کرێکەی بە تەنها مووچەیەك بدرێت، بۆیە پێویستە چۆن بە بێ پلان خەڵك دامەزرا، بەهەمان شێوە و بە بێ پلان خەڵك فەسڵ نەکرێن، بەڵکو دیراسە بکرێت و ئەوانەی دەوام ناکەن یان دەوامەکەیان زۆر زۆر کەمە، لەوانەوە دەست پێ بکرێ کە رێژەی ئەم جۆرە کەسە زۆرە و کەم نییە.